هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٣١) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر رۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیاری بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ دروستکردنی سندوقێکی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان بۆ هاندانی حکومەتی فیدراڵی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە کۆمەکبەخش و رێکخراوە مرۆییەکان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی ناوخۆ و دەرەوە بۆ بەشداریکردن لەم سندوقەدا.

٢. وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری پەیڕەوی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی سندوقی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئامادە دەکات تاوەکو لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند بکرێت.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران